


وای خودایەچ شادم من

بە غەوربوونی ئەم بەیتە قەرسیلانەی باران

بە هەڵاژانی ناو سایەی ئەم کەپرە زەردانەی پایز

بە بۆن کردنی مێخەکی ئەم باخچانەی

جریوەیان عەتر و

هەڵفرینیان عەتر و

مەستایەتیان هەر عەتر !

دەی خودایە ڕوانین و چاوی کەرەمێ ،

غەرقم کە تۆ

لە نێو چەمە خونچەی

ئەو قەڵەمانەی ، پەروانە
بە گەریدەی مێرگ و
تەیران بە گەریدەی باخ و
ماسی بە ئاو
منیش بە جوگرافییای
هەموو حوزنە ڕووخۆشەکان ناوزەن دەکەن
دەی خودایە ڕاتەکینێ ،
دەس لە چڵی ئەوڕامانە ، ئاشوبانە بەردە
خۆت بە ئاوی هەناری دوودڵیەکان
ڕەنگین مەکە
پێت وابێ خودا ڕۆژێک دێ
بەقەیاغی قەرسیل ترین ئومێدەوە
ئەم هەموو نا ئومێدییانە ببڕی !
پێت وابێ خودا ڕۆژێک دێ
بە ڕۆشنایی
سەر سنگێ لە مانگە شەوی کچەکانی خۆت
هەموو ستیانە تاریکەڵەکانی شەو
ڕۆشن بکەیتەوە !
پێت وابێ خودا ڕۆژێک دێ
منیش وەک شاعیرێکی هاوسێتان
لە پەروانە پەروانە تر
فڕین لە باڵی گوڵەکان
ئاگر لە کەنیشکە نیرگزییەکان
حەرفی عەیار ،

لە مەکری شیعرێکی عەیار هەڵفڕێنم !

پێت وابێ خودا ڕۆژێک دێ

وەک باخەوانێکی هاوسێ و

وەک عاشقێکیی هاوسێتان

نەک هەر نان وعیشق وخۆشویستی

لە هەناری مەستایەتی و

لە مزرایی

جگەرەکێشانێکی ئێوارانیشمدا

بەشتان هەبێ !

لە ژووانی باران و ڕووت بوونەوەدا

لە ژماردنی سێوەکانی پەیام و

لە ترازووی لارە سەنگی عیشقا

وەلای منا

وەکو ترێ

وەکو ژووان

وەکو هەموو

مەعشووقەکانی دەربەنی شیعر و جوانی

وەکو هەموو

مەحزوونییەکانی نیشتیمان

لە بەرچنەی میوەکانی( مەلەک)یشدا

بەشتان هەبێ !

ئێ ی مەلەک گیان

ئەی خوڕەمی ئاگرەکانی عیشق

لەودیو قوتبە ساردەکانی ژیانەوە

ئەی ماڵی پڕ

لە مرواری

وەک ڕۆخانە

لەودیو کەڵەکی مەوجەکانی ناو دەریاوە

پێت وابێ تۆش

لەمسێک لە پەنجەرەکانی هەنار

قیامەتێ لە ئاگر وخاو بوونەوە بە ڕۆح بێنێ!

هەمسێک لە جریوەی تەیرەکانی لەزەت

شەتڵ بوونی هەزار مەخلووقی عاشقی بە دواوە بێ !

پێت وابێ تۆش ، مەلەک

ئەی مەلەکەی هەڵبرژاوی خۆشەویستی

ڕۆژێک دادێ

بەدەر لەم ڕۆژە سڕانەی

بەستەڵکی بە ناو ژیان

سەرمان بێتەوە بە ماڵی بولبولەکانی بەهار و

پایز لە ماڵماندا

بیێتەوە بە بووکە دڵشکاوەکەی جاران

ڕەنگمان پڕ بێتەوە لەڕەنگی گوڵە هەنار و

دڵمان لە تەک ماسییەکانی پێکەنیندا ئاشت ببنەوە

پێت وابێ مەلەک ڕۆژێک دێ

بە پاڵ حەم کردنی هەنجیرێکی گەییوەوە

بە پاڵ قەپاڵگرتنی سێوێکی لاسوورەوە

بە پاڵ ڕووانین لە دەنکەگێلاسێکی ڕووت

بەپاڵ دڵدانەوەی هەموو میوە کوژراوەکان

# تۆ

پڕم کەی لە عەتری ئەو شیعرانەی
بەسەرلێوی هیچ شاعیریک دا نەهاتوون !
پڕ پڕم کەی لەو ئاگرانەی
هەتا ئێستا
بە سەفەریش
بە ناو کوانوی خاوبوونەوەی
هیچ کچیکدا نەهاتوون !
وەرە مەلەک
ئە ی پاکیزەترین لالە کەنیشکی خوا
عێشقت هەبێ
مەر نازانی
تا چکۆڵەترین نووزە و
تا چکۆڵەترین جووکە لە عیشقدا بێ
باڵەکان چەپڵەیان گەرم و
مەوجەکان چەپڵەیان گەرم
دەی مەلەک گیان شەقەی باڵێ
بێ و بفڕە تۆ
سنوور
لە فڕیندا
مەودای بە سوتوکردنی سیگارێکە و زێدەتر نا
مەودای توێکڵ گرتنەوەی لیمۆیەکە و زێدەتر نا

شەقەی باڵێ

بێ و

بمدە بە تەمووی ئاوێنە و

بمدە بەمێرگی ساتێکدا

تەژی بێ لە مۆردی دوکەڵ

تەژی بێ لە مەستایەتی و

لە سێوی مێ

لە سوورەتەکانی هەوەس !

لە کاڵ نەبوونەوەی عیشق و

لە داگیرسانی درەختە سێوەکانی مۆم

ئەو مۆمانەی

ئاوەدانی بە جەژنی لە دایک بونێک دەدەن

بە سوتانێ لە عەتر و فرمێسک و مردن

بۆنێکی خۆش

وەک هەوای ناو باڵکۆنەکان

بە ژوور دەدەن !

پێت وابێ مەلەک ڕۆژێک دێ

لە گوێ ئاوی جەنجاڵترین دەریا و

لە ناو مەلە کردنێکی بە هەشتیا

لە گوێچکە ماسییەکانی ئاو

لە ڕووخۆشترین بەرد و چەو

لەو قەوزانەی

بە مۆدێلی

دوامۆدێلی

ملپێچی کەنیشکەکانی
ڕۆما وپاریس دەڕۆن
ما ڵۆچکەیەک بۆ تەیرەکانی ئەندێشە بە قەڵاکەین
لە پەڕەمووچی ڕۆژنامە پیرەکانی ئێرە
کۆلارەیەک بۆ ژووان و
کۆلارەیەکیش بۆ کاسیاهەڵدەین !
پێت وابێ مەلەک پێت وابێ
چاخەکانی هەنار وعیشق بەڕێوەن
وان بە ڕێوە
ئاشت بوونەوەی ئاو وئاگر وان بەڕێوە
وان بە ڕێوە
دلۆپەکانی موعجیزە و باران وان بە ڕێوە
وان بەڕێوە
فەسڵەکانی پەروانە وگوڵ
ماچ و ئاگر ، وان بە ڕێوە !
پێت وابێ مەلەک پێت وابێ
سپیدەیەک دادێ
دۆنمەکانی ژەهر
پڕ بن لە زەڕاتی خۆشەویستی !
بەرایی ئەم هەموو شەوە
پڕبن لە گوڵە بەڕۆژەی ئاسوودەیی !
پێت وابێ مەلەک پێت وابێ
زەمانێک دێ ، ئەو دیو سنووری تاقەکان
پڕ بن لە لەشکری کتێب

ئەم دیو حەوشەی ، تفتایەتییەکانی ئینسان
پڕبن لە باڵای تەرخوونە عەیارەکانی خۆش نودی و
پڕبن لە چڵەنەعناکانی یەکسانی و
پڕبن لە مەکری شیلانە شینەکانی خۆشەویستی !
پێت وابێ مەلەک پێت وابێ
جارێکی تر وە بەر چاوتا
فڕکەناکەن
کەروێشکەکانی تاریکی
بۆ ناو چیمەنەکانی نوور !
جارێکی تر وە بەرچاوتا
گەمە ناکەن
بۆقەکانی ژەهر وتاعوون
لەسەر ئاوێنەی ئەم بەرد و
لەسەر ئاوێنەی ئەو هەرێز
پێت وابێ دییە پێت وابێ
وان بەرێوە
چاخەکانی
هەنار وئاگر وجوانی
وان بە رێوە
ڕۆژەکانی
ئاشت بوونەوە و
خاوبوونەوە و
مەحووی خەمان !!
دەی خودایە (کش مەلیک)ێ

له ئافاتی ئەو هەموو سنوورانەکە !

فوویەک ، فوویەک

وە باڵۆنی شادبوونەوەی

ئەو هەمووعاشقانەدا کە

حوزنی دوودڵ کیفایەتی دۆزەخە خوا

نزای دوو دڵ سەرە و بنی بە هەشتە خوا

دەی خودایە

سەما و دوکەڵێکی لە دوور

سەما و

خوڕەمی نوێژێکی لە دوور

سەما وەمەلەی پەروانەیەک

سەما وگەرمای نیوەڕۆیەک

لە نیوەڕۆی سێوەکانی مەلەک !

بۆن کردنی قۆخێکی لا سووری توکن

وەپاڵ باخە شینەکانی (مەلەک)وە !

دەی خودایە

سەرزەمینی ئەم ژەهرانە مەحو کە تۆ

تەلاری ئەم نا یەکسانییانە ، مەحوکە و بڕمینە تۆ !

خەڵاتم کە ،

خەڵاتم کە بە ئەسپێکی باڵدار

وە پاڵ دەرچوونمەوە

لە تاقیکردننەوەکانی بەر تەنیایی !

خەڵاتم کە بە ئەسپێکی باڵدار

نە مووسام و نە موحەمەد

وەلێ شەق کردنی ئەم بە حرانەم دەوێ!
نە مووسام و نە موحەممەد
وەلێ هەڵبرژانی ئەم کەژانەم دەوێ !
دەی خودایە  خەڵاتم کە
بە ئەسپێکی باڵدار
لە نیشتیمانی (مەلەک)ان جەژنە
دەبێ سبەی
بەر لە سوتانی مۆمەکان لەوێبم
بەر لە پەنجەرەکردنەوەی یەکەم باوێشک
من لەوێبم !
خۆم بە شلێپێ
لە بەیت و ئاوی کانییەکەی نالی
هەنێی تەڕکەم
بە خاولییەک لە فڕینی پەروانەکان
قەترە ئاوەکانی بسڕم !
تۆ تەواشا
ئەی مزرترین عاشقی ،ئەو دیو قوتبەکانی دنیا
ئەی فڕینی پەروانەترین پەرونە تۆ تەواشا
تۆ تەواشا
لەسەر بانی ئەم دۆزەخەوە چۆن بە کۆش
مەکری گوڵەکان بەسەر عیشقدا هەوا دەدەین !
تۆ تەواشا لەم بەرزایی و
شینە تاقی ساماڵەوە
چۆن  بە چاوی نمناک ترین گەواڵەوە

بەسەر شانی ئەو کێلگانەدا دەگرییەین
پڕن لە جنسی گوڵ ولە جنسی گیا
تۆ تەواشا
ئەی کافرترین دڵداری ئەم زەمانە
بەسەر لێوی هەرە کەشتیە پیرەکانی ڕامانەوە
چۆن دەخزێنە
ناو نهێنییەکانی ئاو
ناو حیکمەتی ماسیە وردیلەکان
تۆ تەواشا
ئەی قەرسیل ترین بەرسیلەی
ڕەزەکانی مەکر و جوانی
لە ژێر سەری ئەم قەڵەمەی ئیسماعیلدا
خەوی مرواری چەن خەیاڵ
فڕینی شەهێنی چەن عیشق دەبینی !
وەرە مەلەک
بەر لەسنگ کوتانی شەوێ
پیاسەی ناو ئێوارەیەکی ڕەنگاڵە کەین
بۆ بەخشینی جریوەکان
خۆمان
لەو تەیرانەدا وە بینین
لە شەڕی سوڵتانی سەوزایی دەگەڕێن !
وەرە ئەی یار
با سەمایەک
وە بەر ئەو کلوە بەورانەدا کەین

کەمێکی تر دەبن بە دڵۆپە  و

دەبن بە  پەروانە

وەرە ئەی یار

گۆرانییەک بۆ شەکەتی بچڕین

سروودێ بۆ حوزنەکانی نیشتیمان

چامەیەک بۆ

بۆ برینە کەڵەگەتەکانی وولات

چامەیەک بۆ مێرگە سەوزەکانی کۆست

وەرە ئەی یار تەواشاکە

چەن شەکەتین بەم گۆرانییە  قەرسیلانەی بەهار

چەن شەکەتین بەم گۆرانییە لیمۆییانەی پایز

پایز هات و تۆ نەهاتی

بە هار هات و من ناهاتم

پایز هات و

بەهار هات و

من  و تۆ بە یەک نەگەشتین !

تازە ئەی یار بە هەلاڵەی ئەم زامەوە

بەخوڕەمی ئەم  ژەهرەوە

قەدەر گەمەیەکی تاڵە و

چاوەڕێی هاتنەوەم مەکە !

ژیان هەر ئەوەندە

مەودای هەڵفڕینی باڵندەکانی پێبەخشیم

بەهار هەر ئەوەندە

مەودای سەوزبوونی نێرگزەکانی پێ بەخشیم

باران هەر ئەوەندە

مەودای سەما و

هەڵڕوانینی دڵۆپەکانی پێ بەخشیم

بەڵام ئەی یار بە ڕیحانەی ئەم بەیتانە یەئس نەتبا

بە پایزی ئەم پیاوە لە ڕیحانەیە غەزەب نەتبا

بۆ تۆش نەبم

لە دڵۆپەی هیچ بارانێ هەڵمەشاخێ

بۆتۆش نەبم

خۆت لە سورایی ئێوارەی هیچ چامەیەک هەڵمەژەنە !

قەدەرم بوو لە کازیوەیەکدا بڕژێم

قەدەرم بوو لە مەغریبێکدا بچمەوە دەربەنی شەو

تازە ئەی یاربە ئومێدی ئاگرەکانی من ڕامەکشێ

بە ئومێدی شەمامەکانی ئیسماعیل

بە دۆستایەتی ئەو هەموو بێستانانە

دڵخۆش مەبە

تازە ئەی یار خۆت لەمانگی من حەشاردە

خۆت لەم شیعرە مەکراویانەی من حەشاردە

بەو کەمە دێرە عاشقی ، وەرزێک مەبە بۆ تۆ نەبێ !

بەم کەمە دێرە هۆگری ، پیاوێک مەبە بۆتۆ نەبێ !

زەنگ لە دەرگای گەڕاننەوەم مەدە

تازە من بووم بە پیاوێکی مێخۆش

بە پاڵ هەنارەکانی باران و

بە پاڵ مزرایی عیشقێکەوە !

بمبینە تۆ

له چیمەنی ژەهر وشەهدا
گەمەی چ کەروێشکێکی ئاسوودەم
تازە ئەی یار منت خەسار
سنگ لە ئێوارەیەک مەکوتە منی فڕان
سنگ لە ڕووباری ئەوینێ مەکوتە منی خنکان
تازە ئەی یار
مەر هەر لە دوورەوە
لە باخەکانت بڕوانم
لە وێنەکانم بڕوانی
مەر هەر
لە دوورەوە
سوبح باشی ڕۆژەکانت لێکەم
مەر هەر لە دوورەوە بێژم
لە ناسینتا
هەموو بوبولەخۆش خوانەکانی جەنەت هاتن
لە ناسینتا
مێخەک بەنی هەموکەنیشکەکانی ئاوایی هاتن
مەر هەر لە دوورەوە بێژم
عیشق چ مەژغەڵەتێکی جوانە خودا
عیشق چ سەر نەپرژانێکی شیرینە خودا
مەر هەر لە دوورەوە بێژم
ئاسودەم پێت
لە پۆلی سروودەکانی بەهار مەیەرەدەر
ئاسوودەم پێت

بەتەمەڵی لەتەک گەمەکانی پایز مەچۆ !

مەر هەر لە دوورەوە

بێژم

ئاسوودەم پێت

وای خودایە

عیشق شەهدی چ ژەهرێکە

وای خودایە

ع

ی

ش

ق

شەهدی چ ژەهرێکە !؟

خاکە لێوی /2005

ئەڵمانیا/دووسلدۆرف